# ڕۆشنبیری گرنتی !

کەمال ڕەئوف

زۆرداریێکی گەورە شەیتانێکی کزیکار دەتوانێ بێ کەبەلێبوردوویی و نالێبوردوویی خۆیی تەواوی رابردوو ریێك بکوژێ هەتا ببێتە پردی ئەو و نیشانەی سەرهەڵدان و بانگەشە و خوێندنی کەڵەبابی ئەو.

بۆ ئەوە کە چینێکی نەجیب لەئارادابێ, دەبێ نەجیبێکی زۆر و نەجیبی جۆراو جۆر هەبن! هەر ئەوە کە من ڕۆژێك بەکینایە گوتوومە: خودایەتی هەر ئەوەیە کە خوداکان هەبن نەك خودا!

وەرگیراوە لە کتێبی وەهای گوت زەردەشت

ئەبێ چی لەوە کۆمیدی ترو پێکەنیناوی تربێ کاتێك ڕۆشنبیری خاوەن ئیلتیزام لەم ڕۆژگارەی ئەمرۆماندا بە پرنسیپ و بەهاگەردونییەکەیەوە بەشوێن ئەوەوە بێت تا گرنتی ئەوەی چنگ بکەوێ کەخەڵك ئامادە دەبن تا گوێی لە تەواوی ئامۆژگاری و پێشهاتەکانی ئەو بگرن و سەری ڕەزامەندی بۆ بلەقێنن, ئاخۆ ئەبێ چی لەوە لاموبالات ترو بێ پرەنسیپتر بێت کاتێك نووسەری خۆبەجدی زان خوێنەری بابەتەکانی خۆی, میللەتێك بەگەمژەو بێ هۆش و بێ بیرکردنەوەو بێ پرەنسیپ تۆمەت بار بکات, ئەبێ  ئێمە پێشهاتی چ کارەساتێك بکەین کاتێك لەپاڵ پاشاگەردانی سیاسی و جەورو جەبەرووتی سیاسیەکاندا ڕۆشنبیرانی گرەنتیش نوقمی هەمان گوتاری سیاسیەکان دەبن و لاقرتی بەخەڵك دەکەن و سوکایەتی بە میللەتێکی نوقمبووی زوڵم و چەوساوەدەکەن و خۆیان لێ بەتەریك بکەنەوە و پێان شەرم بێت کەسەر بەوانن, ئەوە چ رق و بوغزێکە کە دەتوانێت وا لە ڕۆشنبیری تورە بکات بۆسوکایەتی بەخەڵك لەباتی ناو هێنانی میللەت و نەتەوە دەستەواژەی کۆمەڵە خەڵکێك بەکار بەرێ, ئاخۆ ڕێژەی لوتبەرزی لای ڕۆشنبیری گرنتی گەیشتووەتە چ ئاست و پلەیەك کاتێك بیەوێت کە ئاسمانی وەهمی بەرپرسە لووت بەرزەکان بەوە نەوی بکات کە لووتبەرزی خۆی بەسەر ئەوان و میللەتیشدا فەرزبکات, ئەوە چ ویژدان ودڵ دەرونێکە کە ڕۆشنبیر بەشوێن ئەوەوە بێت موچەو گرێبەستی مانگانەی نووسینەکانی هێندەی دە ئەوەندەی موچەو دەستکەوتی فەرمانبەرو کارمەند بێت و لەولاشەوە لەنێو کایە مەعریفیەکاندا خۆی سەرقاڵی ئەوەکردبێت کەچیرۆکی خۆشەویستیو فەلسەفەی عەدالەتی کۆمەڵاتی بەخەڵك بڵێتەوەو باسی پاکیزەیی و ویژدانی تەندروستی خۆیمان بۆبکات, ئاخۆ ئەوە چ نەفرەتێکی ڕەش و بۆنناخۆشە کە لەزارو هەناوی ڕۆشنبیری دەرون ڕەشی گرنتیەوە دێتە دەرێ وبەسەر سەری

میللەتیکدا دەیبارێنێت و پێیان دەڵێت خەڵکینە ئێوە  قەدری ڕێزی خۆتان ناگرن و قەدری نەفستان لەخوار پلەی سفرەوەیە, ئاخۆ ئیتر ئەبێ بۆ خەڵك چی لەوە دەرداوی تر و غەماوی ترو بێ هوودە تربێ کەهەموو ئەمانەو ڕەخنەی سیاسی لە دەسەلآت و شیعەمەزهەب لەکونی تەسك و باریکی شمشاڵی ژەنێکی ناشیانەی موسوڵمانێکی سونە مەزهەبەوە بێتە دەرەوەوەو بەرگوێمان بکەوێ.